# له كەنەدا یادی چواردەهەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بەرز ڕاگیرا

له یادی ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبدا ڕێکخراوی کەنەدا هەستا به سازدانی ئەم چالاکیانەی خوارەوه :
* ڕۆژی شەمه ڕێکەوتی 11-8-2007 سیمنارێک سازدرا بۆ هاوڕێیان عادل ئەحمەد و جەلال سەعید . سەرەتای سیمنارەکه به ووتاری پیرۆز بایی له یادی حیزب و بەخێر هاتنی میوانەکان له لایەن کەژال عەزیز بەڕوەبەری سیمنارەکەوه دەستی پێکرد ودواتر بەرنامەکەی پێشکەش کرد.
باسی یەکەم له ژێر ناونیشانی " حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، خاڵێکی درەخشان له کۆمەڵگای عێراقدا" له لایەن هاوڕێ عادل ئەحمەدەوه پێشکەش کرا. هاوڕێ عادل له باسەکەیدا ئیشارەی به هەڵومەرجی دامەزراندنی حیزبی کرد له دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شوورایی شارەکانی کوردستان که نەخشی هاوڕێ مەنسووری حیکمەت له دامەزراندنی ئەم حیزبەدا بەرجەستەو بەرچاو بوو.دوواتر چووه سەر خاڵه درەخشانەکانی حیزب له کۆمەڵگای عێراق ودەورو نەخشی حیزب له مەیدانه جۆراوجۆرەکاندا :له بزووتنەوەی کرێکاران و ڕێکخراوکردنیان له ئەشکاله جۆراوجۆره ڕێکخراوەیەکاندا، ئیتحادیەو شووراو نیقابه کرێکارییەکان و بێکاران . بزوتنەوەی یەکسانی ژنان ، لاوان، منداڵان ، قووتابیان و پرۆسەی خوێندن. دژی تیرۆر و ڕەشەکوژی ،دژی گەمارۆی ئابووری له سەر عێراق، دژی شەرو داگیرکاری ئەمریکا له عێراق و.. ،وەستانەوه له دژی سیناریۆی ڕەشی داگیرکاری وشەری قەومی و تایفی و تەرحی دامەزراندنی کۆنگرەی ئازادی عێراق. له کۆتاییدا ئیشارەی بەوه کرد که سەرەڕای هەر کەموکورتیەک لەم حیزبەدا بەڵام خاڵێکی درەخشان له کۆمەڵگای عێراقدا گەر هەبێ ئەوه ووجودی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراقه.
بەشی دووەم سیمنارێک له ژێر ناونیشانی " حیزب و مەسەلەی پەناهەندێتی" له لایەن هاوڕێ جەلال سەعیدەوه پێشکەش کرا. هاوڕێ جەلال له میانەی باسەکەیدا چووه سەر ئاوەرەبوونی جەماوەری خەڵک له دووای ڕاپەڕین ساڵی 1991 و دواتر ساڵاوی کۆچ کردن خەڵک بۆ دەرەوەی ووڵات و دەورو نەخشی حیزب له ڕێکخراوکردن و دیفاع کردن لەژییان و گووزەرانیان. له بەشێکی تری باسەکەیدا چووه سەر لایەنی ئینسانی دیفاع کردنی حیزب و فیدراسیوونی پەنابەرانی عێراقی له حورمەت و کەرامەتی پەناهەندەیی و دیفاع له کەیسەکانیان. له کۆتاییدا ئیشارەی به بەستنی کۆنگرەی فیدراسیۆن کرد له ووڵاتی سوید له 25-26 ی ئابی 2007 وەک ڕێکخراوێکی سەرتاسەری بۆ دیفاع له هەقی پەناهەندێتی.
* له شەوی هەمان ڕۆژدا ئاهەنگێکی خۆشی بەم بۆنەیەوه ساز درا که تا سەعات دووی شەو به ئاهەنگ و شایی و بەزم و سەفا بەردەوام بوو.

## حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق/ ڕێکخراوی کەنەدا